ئەطەر ئێمە بمانەوێت کەساني تر مەزنترین خەڵاتي خودا وەرطرن ئەوا دەبێت ئێمەش نیشانیان بدەین ضۆن هەمان شت ئەنجام بدەن. ئەمە بەشێکي سەرەکي بوون بە قوتابیية و بەشێکي سەرەکي دروستکردني قوتابیية.

- ئێمە (شوێن کەوتوو) و (رِابەرین)
- ئێمە (فێرخوازین) و (فێرکەرین)
- ئێمە( بەختەوەرکراوین) و (بەختەوەرکەرین)

خودا نایەوێت ئێمە ضاوەرِێبکەین هەتا ئێمە هەموو شتێك دەزانین ثێش ئەوەي ئێمە دەست بە طويَ رِایەڵي و هاوبەشیکردن بکەین. ئەو رِۆذە هەرطیز نایەت.

خودا ضاوەرِێي ئێمە ناکات بۆئەوەي بەتەواوي ثێطەیشتووبین ثێش ئەوەي ئێمە دەست بە زیادبوون بکەین. ئەو دەیەوێت ئێمە یەکسەر زیادبکەین.

خودا دەیەوێت ئێمە طويَ رِایەڵي ئەو شتە بین کە ثێشتر دەیزانین و هاوبەشي ئەوشتەش بکەین کەثێشتر طويَ بیستي بوین.

دواتر ئەو دەیەوێت ئێمە کەساني تر فێر بکەین هەمان شت بکەن. ثاش هەموو شتێك ( طويَ رِایەڵیکردن و هاوبەشیکردنە کە خودا ثێشتر بەئێمەي طوتووە ئەنجامي بدەین. ئەمە رِێطاکەیە بۆ ثێطەیشتن و طەشەکردن.

## گفتوگۆکردن
(١٠ خولەک)

هەندێک لەو جیاوازیانە چین دەیبینیت لە نێوان ئابوری ڕۆحی خودا و شێوازی زەمینیمان بۆ ئەنجامدانی کارەکان؟

---

**مەسیح فەرمووی: "ئێوە هێز وەردەگرن کاتێک ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرتان، ئێوە دەبنە شایەتحاڵی من لە هەموو شوێنێک باسی من دەکەن - لە ئۆرشەلیم، لە سەرانسەری یەهودا، لە سامریا و تا کۆتایی زەوی."**

---

## گفتوگۆکردن
(١٠ خولەک)

- چی دێتە مێشکت کاتێک گوێت لە فەرمانی خودا دەبێت کە "شایەتحاڵی" ئەو بیت و چیرۆکەکەی بگێڕیتەوە؟
- پێت وایە بۆچی مەسیح خەڵکی ئاسایی هەڵدەبژێرێت لەبری ڕێگەیەکیتر بۆ بلاوکردنەوەی هەواڵی خۆشی خۆی؟
- چی پێویستە بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکەیت لە هاوبەشکردنی چیرۆکی خودا؟

---

**مزگێنی**

هیچ "ڕێگایەک باشتر" نییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خودا بێجگە لە ڕێگای پەرتووکی پیرۆز (هەروەها پێی دەوترێت مزگێنی)، چونکە باشترین ڕێگە بەندە بەوەی لەگەڵ کێدا هاوبەشی دەکەیت. هەموو قوتابیەک پێویستە فێربێت چیرۆکی خودا بە شێوەیەک بگێڕێتەوە کە ڕاست بێت لەگەڵ پەرتووکی پیرۆز و پەیوەندی بەو ئامادەبووانەوە هەبێت کە لەگەڵیاندا هاوبەشن.

پێداچوونەوە بەم دوو پێشکەشکردنەی خوارەوە بکە و یەکێکیان هەڵبژێرە بۆ مەشقکردن.

---

## بخوێنەوە
(٥ خولەک)

**پێشکەشکردن 1**

لةم خولةدا ئيَمة فيَردةبين ضؤن هاوبةشي (ضيرؤكي خودا) (ئينجيل) بكةين لة (دروست بون)ةوة بؤ (رِؤذي كؤتايي)، لة سةرةتاي مرؤظايةتيةوة بؤ كؤتايي ئةم سةردةمة. رِيَطاي زؤرهةية بؤهاوبةشيكردني ضيرؤكي خودا.

باشترين رِيَطا ثشت دةبةستيَت بةو كةسةي كةتؤ هاوبةشي لةطةلَدا دةكةيت ثشت دةبةستيَت بينيني جيهان لاي ئةو كةسة و ثشت دةبةستيَت بة ئةزموني دياني ئةوكةسة.

خودا ئةو دلاَنة بةكاردينَيَت كة حةزدةكةن هاوبةشي كاركردن بكةن لةسةر ئةودلاَنةي حةزدةكةن طويَبيست بن.

ئةوة كاري خوداية. ئةو تةنيا ئيَمة بانطيَش دةكات بيينة ثالَ.

يةك رِيَطا بؤ هاوبةشيكردني (ضيرؤكي خودا) بريتية لة رِوونكردنةوةي ئةوشتانةي كة رِوويانداوة لة (دروستبووةكاني خوداوة) بؤ (رِؤذي كؤتايي لاي خودا) لة كؤتايي ئةم سةردةمة.

كاتيَك ئيَمة ضيرؤكي خودا بةم رِيَطاية دةطيَرِينةوة ئيَمة دةتوانين باسي بكةين بة كورتي يا دريَذي، بةوردةكاري يا تةنيا رِووداوةسةرةكيةكان بةلاَم هةميشة ببةستريَينةوة بة كةلتوري ئةوكةسةي كة طويَبيست دةبيَت.

بؤ يارمةتيداني طيَرِانةوةي ضيرؤكي خودا لةسةرانسةري كةلتور و بؤضونة جياوازةكاني جيهان تؤ هةروةها دةتوانيت جولَةي دةست بةكاربيَنيت كة فيَربون و فيَركردن ئاسانتر دةكات.

ئيَرة ضيرؤكي هةوالَةخؤشةكةي خوداية –

لةسةرةتادا خودا هةموو جيهاني دروست كرد و هةمووشتيَكي لةناويدا دروست كرد.

ئةو (يةكةم ثياو) و (يةكةم ذن)ي دروستكرد. ئةو ئةواني خستة ناو باخضةيةكي جوانةوة. ئةو ئةواني كرد بة(بةشيَك لة خيَزاني خؤي) و (ثةيوةنديةكي نزيك)ي لةطةلَياندا هةبوو.

ئةو ئةواني دروست كرد بؤئةوةي ( بؤهةتا هةتاية بذين). شتيَك نةبوو بةناوي مردن.

تەنانەت لەناو ئەم شوێنە بێطەردەدا، مرۆظ بەرهەڵستي خوداي كرد و(طوناحە) و (ئەشكەنجە)ي هێنایە ناو جیهانەوە.

خودا مرۆظي لە باخضەكە (دەربەدەركرد). ثەیوەندیەكەي نێوان مرۆظ و خودا (تێكشكا).

ئێستا مرۆظ دەبێت ڕووبەڕووي (مردن) بێتەوە.

لەماوەي سەدان ساڵدا خودا بەردەوام (ثەیامبەران)ي ناردە ناوجیهان. ئەوان طوناحەي مرۆظیان دەهێنایەوە بیر مرۆظ هەروەها باسي (وەفاداري) و (بەڵێن)ي خودایان بۆ مرۆظ كرد كە (ڕزطاركەر) یێك دەنیرێتە ناوجیهان.

(ڕزطاركەر)ەكە ثەیوەندیە نزیكەكەي نێوان خودا و مرۆظ (دەطێڕێتەوە). (ڕزطاركەر)ەكە مرۆظ لە مردن (ڕزطاردەكات). (ڕزطاركەر)ەكە (ذیاني هەتا هەتایي) دەبەخشێت هەروەها بۆ هەتا هەتایە لەطەڵ مرۆظ دەبێت.

خودا ئەوەندە زۆر ئێمەي خۆش دەوێت كاتێك كاتەكە طونجاو بوو ئەو ( كوڕەكەي خۆي) ناردەناو جیهان بۆ ئەوەي ببێت بەو (ڕزطاركەر)ە.

عیسا (كوڕي خودا) بوو. ئەو لەدایك بووە ناوجیهان لەڕێي كضێكي ثاكیزەوە. ئەو ذیانێكي بێطەرد ذیا. ئەو قەت طوناحەي نەكرد.

عیسا خەڵكي فێركرد دەربارەي خودا. ئەو شتي سەرسوڕهێنەي زۆري نواند كاتێك هێزي مەزني خۆي نیشان دەدا. ئەو شەیتاني زۆري لەكۆڵ خستەوە. ئەو خەڵكي زۆري ضاككردەوە. ئەو واي لە كوێر كرد ببینێت. ئەو واي لە كەڕ كرد ببیستێت. ئەو واي لە شەل كرد بڕوات.

عیسا تەنانەت مردووي زیندكردەوە. (هەڕەشە) كەوتە سەر زۆر لە ڕابەرە ئاینیەكان و (ئیرەییان) بەعیسا برد. ئەوان ویستیان ئەو بكوذرێت.

لەبەر ئەوەي ئەو قەت طوناحەي نەكردبوو، عیسا نەدەبوو بمرێت. بەلاَم ئەو مردني (هەڵبذارد) وەك (قوربانیەك) بۆ هەمووما‌ن. مردنە ثڕئازارەكەي ئەو طوناحەكاني مرۆظایەتي شاردەوە.

ثاش ئەوە عیسا لە طۆڕێكدا نێذرا.

خودا (ئەو قوربانیە)ي بیني كە عیسا داي هەروەها قبوڵیشي كرد. خودا قبوڵكردني خۆي نیشاندا بە زیندوكردنەوەي عیسا لە مردن لە ڕۆذي سێیەمدا.

خودا طووتي ئەطەر ئێمە (باوەڕ) بە عیسا بكەین و (ثێشوازي) لە قوربانیەكەي بكەین بۆ طوناحەكانمان ( ئەطەر ئێمە (دووربكەوینەوە) لە طوناحەكانمان و (شوێن) عیسا (بكەوین) ئەوا خودا لە هەموو طوناحەیەك ثاكمان دەكاتەوە و (بەخێرهاتنمان) دەكاتەوە بۆ خێزانەكەي خۆي.

خودا ( طیاني ثیرۆز) دەنێرێت بۆ ئەوەي لەناوماندا بذي و وامان لێبكات بتوانین شوێن عیسا بكەوین.

ئێمە لە ئاودا (لەئاوهەڵدەكێشرێین) بۆ نیشاندان و دڵنیاكردني ئەم ثەیوەندیە طێڕاوەیە.

وەك هێمایەكي مردن ئێمە دەخرێینە ذێر ئاوەكەوە. وەك هێمایەكي ذیاني نوێ ئێمە لەئاوەكە دەهێنرێینە دەرەوە بۆ ئەوەي شوێن عیسا بكەوین. كاتێك عیسا لە مردن هەستایەوە ئەو 40 ڕۆذي لەسەر زەوي بەسەر برد.

عیسا شوێن كەوتوواني خۆي فێركرد بڕۆن بۆ هەموو شوێنێك هەروەها هەواڵي خۆشي ڕزطاربوني ئەو بە هەموو یەكێك بلێن لەسەرانسەري جیهان.

عیسا طووتي ( بڕۆن و لەهەموو نەتەوەكان ( قوتابي دروست بكەن) كاتێك (لەئاویان هەڵدەكێشن) بەناوي باوك و كوڕ و طیاني ثیرۆز و (فێریان بكەن) طوێڕایەڵي هەموو ئەو شتانەبن كە من فرمانم ثێكردوون. من هەمیشە لە طەڵتان دەبم تەنانەت بۆ كۆتایي ئەم سەردەمە.

دواتر عیسا (بەرزكرایە سەرەوە) لەبەر ضاوي خۆیان بۆناو ئاسمان. ڕۆذێك عیسا (دووبارە دێتەوە) بەهەمان شێوەي كەڕۆیشت.

ئەو ئەوكسانە (بۆهەتا هەتایە سزا دەدات) ئەوانەي ئەویان خۆش نەویست و طوێ ڕایەڵي نەبوون.

ئەو (ثێشوازي) لەوكەسانە دەكات و بۆ (هەتا هەتایە خەلاَتیان) دەكات كە خۆشیان ویست و طوێ ڕایەڵیان كرد.

ئێمە (بۆهەتا هەتایە) لەطەڵ ئەو (دەذین) لە (بەهەشتێكي نوێ) و لە (زەویەكي نوێ).

من (باوەڕم كرد) بەو قوربانیە و (ثێشوازیم كرد) لەو قوربانیەي كە عیسا بۆ طوناحەكاني من داي. ئەو مني ثاككردەوە و مني طێڕایەوە وەك بەشێك لە خێزاني خودا. ئەو مني خۆش دەوێت و منیش ئەوم خۆش دەوێت هەروەها بۆهەتا هەتا لەطەڵ ئەو دەذیم لەشانشینەكەي خۆي.

خودا تۆي خۆش دەوێت و دەیەوێت تۆش ئەم دیاریە وەربطریت. ئایا تۆ دەتەوێت ئێستا ئەوە ئەنجام بدەیت؟

## بخوێنەوە

(٥ خولەک)

### پێشکەشکردن 2

بەخێربێن بۆ ڕاهێنانی زووم لەم وانەیەدا فێردەبین کە چۆن هاوبەشیی بکەین بە چیرۆکی خودا ، مزگێنی، بە بەکارهێنانی ئامرازێک کە پێی دەگوترێت سێ بازنەکان. زۆر ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی چیرۆکی خودا هاوبەش بکەین. باشترین ڕێگا بەندە بەو کەسەی کە لەگەڵیدا هاوبەشی دەکەیت وە تێڕوانینیان بۆ جیهان و ئەزموونەکانی ژیانیان. خودا ئەو دڵانە بەکاردێنێت کەوا ئامادەن هاوبەشی بکەن، بۆ ئەوەی کاربکەن لەسەر ئەو دڵانەی خوازیارن ببیستن. ئەوە کاری خۆیەتی. تەنیا بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی بەشداری بکەین. یەک ڕێگا بۆ هاوبەشیکردنی چیرۆکی خودا لەڕێگەی هاوبەشیکردنی وێنەکێشانێکی سادەیە کە پێی دەڵێین سێ بازنەکان. ئێمە هەموومان لە جیهانێکی زۆر شکاودا دەژین. ئێمە چیرۆکەکان دەبینین و دەبیستین سەبارەت بە ئازارچەشتن و مردن و شەڕ و کارەسات و ئاڵودەبوونەکان. لە هەموو شوێنێک هەیە. بەڵام ئەمە نەخشەی ڕەسەنی خودا نییە، نەخشەی تەواوی خودا جیهانێکە پڕە لە خۆشەویستی و شادی و یەکێتی و ئارامی. ئەو ڕێگایەی خۆمان دوورخستەوە لە نەخشەی تەواوی خودا ، هەروەها چووینە نێو تێکشکاوی. لەڕێگەی شتێکەوەبوو پەرتووکی پیرۆز ناوی دەنێت گوناهە. گوناهە دورکەوتنەوەیە لە ڕێگای خودا ، هەروەها وێڵبوونە بەدوای ڕێگای خۆمان. گوناهە لە خودا جیامان دەکاتەوە. گوناهە فڕێمان دەداتە ناو شکاوی. گوناهە بەرەو مردنی ڕۆحیمان دەبات. خەڵک دەیانەوێت لەو شکاویە بڕۆنە دەرەوە. ئێمە هەوڵدەدەین هەموو جۆرە شتێکی جیاواز تاقی بکەینەوە بۆ ئەوەی لێی دەربچین. هەندێک لە ئێمە مادەی هۆشبەر و مەیمان تاقیکردۆتەوە.

هەندێکمان هەوڵدەدەین لێی دەرچین لەڕێگەی کارێکی چاکەوە یان بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر. هەندێکمان پێمان وایە پەیوەندییەک دەمان باتە دەرەوە. تەنانەت هەندێکیان ئاین تاقیدەکەنەوە. ئێمە پێمان وایە ڕەفتاری باش یان یارمەتیدانی کەسانیتر ئازادمان دەکات. لە ڕاستیدا هیچ کام لەو شتانە هەرگیز چارەسەری کێشەی شکاوی ناکات. تەنانەت ئێمە کاتێک هەست دەکەین بۆ ساتێک دووردەکەوینەوە، ئێمە ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەستمان پێکردووە. ڕاستیە سەختەکە ئەمەیە: ئەگەر هێشتا لەوێبین، هێشتا لەنێو شکاویدابین، کاتێک ئەم ژیانە کۆتایی دێت، ئەو کات پەرتووکی پیرۆز دەڵێت ئێمە بۆ هەمیشە دابڕاوین بۆ هەتاهەتایە لە خودا. پەرتووکی پیرۆز ئەو شوێنە ناودەبات بە دۆزەخ، بەڵام خودا نایەوێت ئێمە لەناو ئەو جیهانە شکاویەدا بمێنینەوە. پەرتووکی پیرۆز دەڵێت خودا ئێمەی زۆر خۆشدەوێت، بەجۆرێک ڕۆڵەی خۆی نارد تاکو ڕێگای دەرچوونمان بۆ دابین بکات. مەسیح هاتە سەر زەوی بۆ سڕینەوەی گوناهەکانمان و دوورخستنەوەمان لە شکاوی. بەڵام چۆن؟ مەسیح چۆن توانی ئەو هەموو شتە ئەنجام بدات؟ مەسیح بە ژیانێکی تەواو بێ کەمو کوڕی ژیا. مەسیح تاکە کەسبوو هەرگیز گوناهی نەکرد. مەسیح تاکە کەسبوو کە لەسەر نەخشەی تەواوی خودا مایەوە. دواتر مەسیح وازی لە ژیانی تەواوی خۆی هێنا و جێگای ئێمەی گرتەوە. ئەو لەسەر خاچێکدا مرد بۆ ئەوەی باجی گوناهی ئێمە بدات. بۆیە مەسیح، ڕۆڵەی خودا ، بە مردنی خۆی گوناهی لەسەر ئێمە هەڵگرت. سێ ڕۆژ دوای ئەوەی مەسیح مرد و نێژرا ، لە مردن هەڵسایەوە بەهۆی قوربانیە مەزنەکەیەوە. خودا مەسیحی کردە پاشای هەموو شتێک لە ئاسمان و هەموو شتێک لەسەر زەوی. مەسیحی پاشا ڕێگای دەرچوون لە شکاوی ئاوەڵاکرد بۆ ئێمە. خودا پێمان دەڵێت ئەگەر ئێمە لە گوناهە بگەڕێیینەوە، هەروەها باوەڕ بهێنین کە مەسیح مرد لە پێناو ئێمە، وە لە ئاو هەڵبکێشرێین بەناوی باوک و ڕۆڵە و ڕۆحی پیرۆز، ئەو کات خودا هەڵماندەسێنێتەوە وەک مەسیح، بۆ ئەوەی لە ژیانێکی نوێدا بژین وەک بەشێک لە خێزانی خودا بۆ هەتاهەتایە. ئەو کاتە ئێمە دەبینە نمونەی ئەم ژیانە نوێیە لە جیهانی شکاودا و چاوەڕێی هاتنەوەی مەسیح دەکەین، کاتێک ئەو ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێ دروست دەکات، لەوێدا دەتوانین لەگەڵ ئەوبین بۆ هەتاهەتایە بە پیرۆزییەکی بێکێماسی. خودا دەیەوێت ئێمە گەشەبکەین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا. خودا دەیەوێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ناو نەخشەی ڕەسەنی تەواوی خۆی وەک بەشێک لە خێزانی خودا. مەسیح ئەرکێکمان پێ دەسپێرێت. هۆکارێک بۆ ژیان، هەروەها ڕێگایەک بۆ ژیانێکی باشتر و تەواو. ئەرکی مەسیح بۆ ئێمە ئەوەیە بڕۆین. مەسیح ئێمە دەنێرێت هەروەکو باوکی خۆی. خودا ناردی بۆ نێو تێکشکاوی تاکو یارمەتی کەسانیتر بدات بۆ ئەوەی ئازادبن، هەروەها ببنە بەشێک لە خێزانی هەتاهەتایی خودا. لەم جیهانە سێ بازنەیەدا. تەنیا دوو جۆر مرۆڤ هەیە. کەسانێک بەشێکن لە نەخشەی بێکێماسی خودا ، بە ئەرکی رزگارکردنی خودا دەژین، هۆکارن بۆ پەیوەستکردنەوەی خودا بە خێزانە هەتاهەتاییەکەی، یان کەسانێک هەن هێشتا لەناو شکاویدا ، هەموو هەوڵێک دەدەن تاکو ئازادبن، بەهیوای ئەوەن کەسێک ئەوان ڕزگاربکات. ئایە دەزانی تۆ لە کوێیت ئێستا؟ ئایە دەزانی دەتەوێت لە کوێ بیت؟ زۆر ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی چیرۆکی خودا هاوبەشی پێبکەیت. شتە گرنگەکە ئەوەیە هاوبەشی بکەیت. خودا ئەو دڵانە بەکاردێنێت کەوا ئامادەن هاوبەشی بکەن، تاکو کاربکەن لەسەر ئەو دڵانەی خوازیارن ببیستن. ئەوە کاری خۆیەتی، تەنیا بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی بەشداری بکەین.

## چالاکی

(٤٥ خولەک)

### مزگێنیدان

- یەکێک لەو دوو پێشکەشکردنە هەڵبژێرە کە سەیری کردوویت.
- دابەشبوون بەسەر گروپی دوو یان سێ کەسی.

- به نۆرە پەرتووکی پیرۆز بۆ یەکتر باسبکەن.

## بخوێنەوە

(٥ خولەک)

### لە ئاوهەڵکێشان

زوم تولکید لە ئاوهەڵکێشان مەسیح فەرمووی: "بڕۆن هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، لە ئاویان هەڵکێشن بەناوی باوک و رۆڵە و رۆحی پیرۆز..." لە ئاوهەڵکێشان - یان باپتیزۆ لە زمانی ڕەسەنی خۆیدا - واتا نوقمکردن یان نغرۆکردن - وەک ئەوەی کاتێک پارچە قوماشێک نوقمی رەنگەکەی دەکرێت و هەڵیدەمژێت بە گۆڕاوی دێتەدەرەوە. لە ئاوهەڵکێشان وێنای ژیانی نوێمانە، لەگەڵ مەسیح یەک دەگرێت، دەگۆڕێیت و گوێڕایەڵی خودا دەبیت. ئەوە وێنەی مردنمانە بەرامبەر گوناهە وەکو ئەوەی چۆن مەسیح لە پێناو گوناهەکانمان مرد؛ ناشتنێکی شێوازی کۆنی ژیانمانە، رێک وەک ناشتنی مەسیح؛ لە دایک بوونەوە بۆ ژیانێکی نوێ لەمەسیحدا ، وەک چۆن مەسیح زیندووبووەوە و لە ئەمرِدا دەژیت. ئەگەر تۆ پێشتر کەسێکت لە ئاوهەڵنەکێشاوە، رەنگە بە ترسناکی دەرکەوێت، بەڵام پێویست ناکات بترسیت. ئەمانە چەند هەنگاوێکی سادەن. ئاوێکی وەستاو بدۆزەوە، ئەوەندە قوڵبێت کە بتوانیت قوتابییەکە ژێر ئاو بخەیت. دەشێت گۆمێک بیت، ڕووبارێک یان دەریاچەیەک یان زەریابێت. دەشێت حەوزێکی دەستکرد بێت ئاوی تێبکەیت. قوتابییەکە دەستی تۆ یان ئەوانی تر بگرێت، ئەوانیتر پشتگیری بکەن و هانی بدەن. دوو پرسیاری لەم چەشنە بکە بۆ ئەوەی دڵنیابیت لە بڕیارەکەیان تێدەگەن: "ئایە تۆ مەسیحت وەکو خاوەنشکۆ و رزگارکاری خۆت پەسەندکردووە؟" "ئایە گوێڕایەڵ دەبیت و خزمەتی دەکەیت وەکو پاشاکەت تا کۆتایی ژیانت؟" ئەگەر وەڵامەکە "بەڵێ" بۆ هەردووکیان، شتێکی وەکو ئەمە بڵێ: "چونکە تۆ باوەڕی خۆت بە مەسیحی خاوەن شکۆت راگەیاند، من ئێستا تۆ لە ئاوهەڵدەکێشم بەناوی باوک و رۆڵە و رۆحی پیرۆز." پاشان یارمەتیان بدە بۆ دابەزین بۆ ناو ئاوەکە، بە تەواوی نوقمی بکە و بەرزی بکەوە. تۆ شوێنکەوتویەکی نوێی مەسیحت لە ئاو هەڵکێشاوە - هاووڵاتیەکی نوێی ئاسمان - ڕۆڵەیەکی نوێی خودای زیندوو ئێستا کاتی ئاهەنگێڕانە! لە ئاوهەڵکێشان - یەکەم نهێنیبوو مەسیح بە شوێنکەوتوەکانی خۆی بەخشێ هەروەها بنەمایەکی ئامرازی زوم تولکیدبوو.

## گفتوگۆکردن

(١٠ خولەک)

- تا ئێستا کەسێکت لە ئاوهەڵکێشاوە؟
- ئایا تەنانەت لەبەرچاوی دەگریت؟
- ئەگەر ئەرکی گەورە بۆ هەموو شوێنکەوتوویەکی مەسیح بێت، ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە هەموو شوێنکەوتوویەک ڕێگەی پێدراوە کەسانی دیکە لە ئاوهەڵبکێشێت؟ بۆچی یان بۆ نا؟

**بیرخستنەوەی گرنگ – ئایا تۆ لە ئاو هەڵکێشراویت؟**

ئەگەر نەخێر، ئەوا هانتان دەدەین پێش تەنانەت یەک دانیشتنی دیکەی ئەم ڕاهێنانە پلان بۆ ئەمە دابنێن. گروپەکەت بانگهێشت بکە بۆ ئەوەی بەشێک بن لەم ڕۆژە گرنگە کاتێک ئاهەنگ دەگێڕن بە وتنی "بەڵێ" بۆ مەسیح.

## پێداچوونەوە
**(١ خولەک)**

**ئەو چەمکانەی لەم دانیشتنەدا بیستراون:**

- ئابوری ڕۆحی

**ئەو ئامرازانەی لەم دانیشتنەدا بیستراون:**

- مزگێنی
- لە ئاوهەڵکێشان

---

**بیرخستنەوەی گرنگ – گروپەکەت لە دانیشتنی داهاتوودا ئاهەنگی ئێوارەخوانی خاوەنشکۆ دەگێڕن.**
**دڵنیابە پێداویستییەکان (نان و شەراب / شەربەت) لەبیرت بێت.**

---

## پشویەک وەربگرە

---

## تێڕوانینێکی گشتی
**(١ خولەک)**

**لەم دانیشتنەدا گوێ لەم چەمکانە دەبیستین و باسی دەکەین:**

- مەزنترین بەرمەکەتی دیدگەی کاستیک
- بەقوتابیکردنی مراوی ئاسا
- چاوەکان بۆ بەدیکردنی ئەو شوێنەی پاشایەتی خودای لێ نییە

**ئەم ئامرازانە زیاد دەکەین بۆ ئامرازی تولکیت:**

- ٣ خولەک شایەتیدان
- ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ

---

## بخوێنەوە
**(٥ خولەک)**

**٣ خولەک شایەتیدان**

ئامرازی زووم سێ خولەک بۆ شایەتیدان مەسیح بە شوێنکەوتوەکانی فەرموو - "ئێوە شایەتحاڵی هەموو ئەو شتانەن." هەموو شوێنکەوتوەکانی مەسیح هەروەها ئێمەش "شایەتحاڵین" - "شایەتیدان" سەبارەت بەو شتانەی کە کاریگەری لەسەر ژیانمان هەبوو. چیرۆکی پەیوەندیت لەگەڵ خودا پێی دەوترێت شایەتیدانی تۆ. هەموومان چیرۆکێکمان هەیە. ئەوە دەرفەتێکە بۆ مەشق پێکردنی چیرۆکی خۆت. یەک یان دوو باوەڕدار هەڵبژێرە بۆ ئەوەی ڕاهێنان بکەن پێکەوە، پاشان لە لیستی سەد کەسی پێنج ناو هەڵبژێرە. دڵنیابە لەو کەسانەی کە لە پۆلێنکاریەکەتدا هەڵیان دەبژێریت "بێباوەڕەکان" یان "ئەوانەی باری ڕۆحیان نەزانراوە." شایەتدانی خۆت لەسەر مەسیح ڕاهێنانی پێبکە و باسی بکە بۆ ئەوەی هاوبەشەکانیتر شایەتی خۆیان باس بکەن یەکێک لەو پێنج کەسەی لە لیستەکەدا هەڵتبژاردووە. ڕاهێنان بکە لەسەر باسکردنی چیرۆکەکەت و دیارییبکە بۆ هەر یەک لەو پێنج کەسە. پێویستە بتوانیت وەشانێکی کورتی چیرۆکەکەت باس بکەیت لە نزیکەی سێ خولەکدا. ڕێگاکان بێ کۆتایین بۆ باسکردنی چیرۆکەکەت، بەڵام لێرە چەند ڕێگایەک دەخەینە ڕوو کە بینیومانە لەگەڵ کەسانیتر بەباشی کاردەکەن: ئێوە دەتوانن بابەتێکی سادە باس بکەن سەبارەت بە هۆکاری بڕیاردانت تاکو شوێن مەسیح بکەویت. ئەمە بۆ باوەڕدارێکی نوێ بەباشی کاردەکات. دەتوانن چیرۆکی خۆتان باس بکەن "پێش" باوەڕهێنان و "دوای" باوەڕهێنان - ژیانت چۆن بووە پێش ئەوەی مەسیح بناسیت، ئێستا ژیانت چۆنە لەکاتێکدا باوەڕت هێناوە. سادە و بەهێزە. دەتوانیت چیرۆکی خۆت "لەگەڵ" و "بەبێ" ئەو باس بکەیت ژیانت چۆنە "لەگەڵ مەسیح" چی بەسەردێت "بەبێ ئەو". ئەم وەشانەی چیرۆکەکەت بەباشی کاردەکات ئەگەر تۆ لە تەمەنێکی گەنجیدا

باوەڕتهێناوە. کاتێک هاوبەشکردنەکەت تەواو دەکەیت، با هاوڕێکانت چیرۆکی خۆیان باس بکەن بەردەوامبن لەگێڕانەوەتان تا ئەوکاتەی هەر پێنجتان تەواو دەبن. خوازیاریت کاریگەری گەورەتر دروست بکەیت؟ کاتێک چیرۆکەکەت باس دەکەیت، یارمەتیدەرە بیری لێبکەیتەوە وەکو بەشێک لە پرۆسەی سێ-بەشی چیرۆکی ئەوان - داوا لەو کەسە بکە کە قسەی لەگەڵ دەکەیت بۆ ئەوەی باسی گەشتی ڕۆحی خۆی بکات. چیرۆکی تۆ - پاشان شایەتیدانی خۆت کە ئەزموونت کردووە بەشی بکە. چیرۆکی خودا - لە کۆتایدا چیرۆکی خودا باس بکە بە شێوەیەک کە پەیوەندی بە جیهان بینیەکەی و بەهاکان و لەپێشینەکانی ئەوانەوە هەبێت. ئەگەر تۆ نیگەرانیت لەوەی چۆن دەست پێبکەیت - سادەی بکەوە. تەنیا لێدوانێک باس بکە بۆچی بڕیارتداوە شوێن مەسیح بکەویت. خودا دەتوانێت چیرۆکەکەت بەکاربهێنێت بۆ گۆڕینی کەسەکان، بەڵام لە یادتبێت - تۆ ئەو کەسەی پێویستە باسی بکەیت. سێ خولەک بۆ شایەتیدانی ئێوە ئامرازێکیتری سادەیە لە زووم تولکید.

---

## چالاکی

**(٣٠ خولەک)**

**ڕاهێنان بکە بە هاوبەشکردنی شایەتی دانی خۆت**

- کار لەسەر نووسینی چیرۆکەکەت بکە و تەنها لە سێ خولەک تەواوی بکە. (10 خولەک)
- دابەشبوون بەسەر گروپی دوو بۆ سێ کەسی و ڕاهێنان و هاوبەشکردن. (٢٠ خولەک)

**ناوەڕۆک:**

### سێ جۆری بنەڕەتی شایەتحاڵی

ڕێگەی بێکۆتایی هەیە بۆ داڕشتنی چیرۆکەکەت، بەڵام لێرەدا چەند ڕێگەیەک دەخەینەڕوو کە بینیومانە بە باشی کاردەکەن:

- لێدوانێکی سادە - دەتوانیت لێدوانێکی سادە باس بکەیت کە بۆچی شوێن مەسیح هەڵدەبژێریت. ئەمە بۆ باوەڕدارێکی تازە بە باشی کاردەکات.
- پێش و دوای - دەتوانیت چیرۆکی "پێش" و "دوای" خۆت باس بکەیت - ژیانت چۆن بووە پێش ئەوەی مسیح بناسیت و ژیانت ژیانت ئێستا چۆنە. سادە و بەهێز.
- دەتوانیت چیرۆکی "لەگەڵ" و "بێ" ئەو بەشی بکەیت - ژیانت چۆنە "لەگەڵ مەسیح" و چۆن دەبێت "بەبێ ئەو"؟ ئەم وەشانەی چیرۆکەکەت بە باشی کاردەکات ئەگەر لە تەمەنێکی گەنجیدا هاتیتە باوەڕ.

### سێ بەش بۆ هاوبەشکردنی شایەتحاڵی خۆت

لە کاتی هاوبەشکردنی چیرۆکەکەتدا ، یارمەتیدەرە بیری لێبکەیتەوە وەک بەشێک لە پرۆسەیەکی سێ بەش:

- چیرۆکی ئەوان - داوا لەو کەسە بکە کە قسەی لەگەڵ دەکەیت باسی گەشتی ڕۆحی خۆی بکات.
- چیرۆکی تۆ - پاشان شایەتحاڵی خۆت لە دەوری ئەزموونەکەیان لە قاڵب دراوە، بەشی بکە.
- چیرۆکی خودا - لە کۆتاییدا چیرۆکی خودا بە شێوەیەک هاوبەش بکە کە پەیوەندی بە جیهانبینی و بەها و لەپێشینەکان هەبێت.

مەرج نییە شایەتیدانەکەت درێژ بێت یان وردەکاری زۆر هاوبەش بکەیت بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت. لە ڕاستیدا هێشتنەوەی چیرۆکەکەت بۆ نزیکەی ٣ خولەک کات بۆ پرسیار و گفتوگۆی قووڵتر بەجێدەهێڵێت. ئەگەر نیگەرانیت لە چۆنیەتی دەستپێکردن - بە سادەیی بیهێڵەرەوە. خودا دەتوانێت چیرۆکەکەت بەکاربهێنێت بۆ گۆڕینی ژیان، بەڵام لەبیرت بێت - تۆ ئەو کەسەی دەیگێڕیتەوە.

---

## بخوێنەوە

**(٥ خولەک)**

**مەزن - مەزنتر - مەزنترین بەرەکەتەکان**

لةم خولةدا ئَيمة قسةدةكةين دةربارةي بةختةوةركردنة [ بةرةكةتكردنة]  (مةزنةكان) و (مةزنترةكان) و (مةزنترينةكان) و تؤ ضؤن هاوبةشيان دةكةيت لةطةلَ كةساني تردا.  كاتيَك يةكيَك برِياردةدات شويَن عيسا بكةويَت تؤ ضؤن يارمةتي ئةو دةدةيت برِواتة سةر رِيَضكة رِاستةكة؟

تؤ ضؤن يارمةتي ئةو دةدةيت ببيَت بةبةرهةم هيَنيَك لة شانشيني خودا نةك تةنيا بةكاربةريَكي تر؟

تۆ ضۆن یارمەتي ئەو دەدەیت ثێشوازي لە هەموو ئەو بەختەوەرکردنانە (بەرةکەتکردنانە) بکات کە خودا حەز دەکات بیان بەخشێت.

من دەست دەکەم بە وتني ئەمە بەوکەسە....

- شویَن کەوتني عیسا بەختەوەرکردنە (بەرةکەتکردنە).
- رِابەرایەتي کردني کەساني تر بۆئەوەي شویَن عیسا بکەون بەختەوەرکردنیَکي (بەرةکەتکردنیَکي) مەزنە.
- دەستکردن بە خیَزانیَکي نویَي رِۆحي بەختەوەرکردنیَکي (بەرةکەتکردنیَکي) مەزنترة.
- سازداني کەساني تر بۆئەوەي دەستبکەن بە خیَزاني نویَي رِۆحي مەزنترین بەختەوەرکردنە (بەرةکەتکردنە).

تۆ برِیارتداوة شویَن عیسا بکەویت و بۆیە خودا تۆي بەختەوەر (بەرةکەت) کردووة.

هەروةها من دەمەویَت تۆ بەختەوەرکردني (بەرةکەتکردني) مەزن و مەزنتر و مەزنتریني خودات هەبیَت. ئایا من دەتوانم نیشاني تۆي بدەم ضۆن؟

ئەطەر ئەو بیەویت زیاتر بزانیَت ئەوا داواي لیَبکە بۆئەوەي لیستیَکي 100 کەسي دروست بکات لەوکەسانەي کە ئەو ثیَشتر دەیناسیَت. دواتر داواي لیَبکە ثیَنج کەس لەو لیستة هەلَبذیَریَت – ثیَنج کەس کە عیسا ناناسن – ثیَنج کەس کەئەو یەکسەر دەیەویَت هاوبەشیان لەطەلَ بکات.

شویَن کەوتني عیسا بەختەوەرکردنە (بەرةکەتکردنة). تۆ دەتەویَت لەطەلَ کیَي تر هاوبەشي ئەم بەختەوەرکردنە (بەرةکەتکردنة) بکەیت؟

من فیَري دەکەم هاوبەشي رِاستي وتني (شهادة)ي خۆي بکات ( ضیرۆکي ئەوةي خودا ضي ئەنجام دەدات لەذیاني خۆیدا). من فیَریدەکەم هاوبەشي (ئینجیل) بکات ( ضیرۆکي ئەوةي خودا ضي ئەنجام دەدات لە جیهاندا). من فیَري دەکەم ضۆن هاوبەشي بکات دەربارةي بەختەوەرکردني (بەرةکەتکردني) مەزن و مەزنتر و مەزنتریني خودا.

من داواي لیَدەکەم یەك جار ثراکتیزەي ئەم شتانة بکات بۆ هەریەك لەو ثیَنج کەسةي ئەو هەلَیبذاردوون بۆئەوەي هاوبەشییان لەطەلَ بکات. یەکەم جار ضیرۆکي خۆي. دواتر ضیرۆکي خودا. دواتر بەختەوەرکردني (بەرةکەتکردني) خودا.

هەموو کاتیَك من دەریدەخەم ببم بەیەکیَك لەم ثیَنج کەسةي لیستەکەي ئەو.

هەموو کاتیَك ئەو هاوبەشي ضیرۆکي خۆي بکات. ئەو هاوبەشي ضیرۆکي خودا بکات. هەروةها ئەوبانطیَشم بکات بۆئەوەي ببم بە شویَنکەوتوویەکي عیسا. ئەو فیَرکردن بکات دەربارةي بەختەوەرکردني (بەرةکەتکردني) مەزن و مەزنتر و مەزنترین.

هەموو کاتیَك من ثرسیاري ليَ دەکەم یا ئەو تیَبینیة دەلَیَم کە ثیَم وایة ئەو کەسة رِقنطة بیلَیَت. ثاش ئەوةي ئیَمة ثراکتیزەمان کرد من داوادەکەم دووبارة ضاوم ثیَي بکەویَت ( تەنیا دواي دوو رِۆذ ئەطەر بشيَ) بۆ ئەوةي ببینم ئەم هاوبەشیکردنة ضۆن دەرِوات.

من دەمەویَت کاتي تەواوي بدەميَ بۆئەوةي ضاوي بە ثیَنج کەسي لیستەکة بکەویَت، بەلاَم من نامەویَت کاتي ئەوةندة زۆر بدەم کە ئەو دواي بخات یا بیري بضیَت.

من هەمیشة داواي ذمارة تەلةفۆن یا ئەدرةسي ئیمەیلَ یا رِیَطایەکي تر دەکەم بۆ هەبووني ثەیوةندي بەردةوام.

من نویَذي لەطەلَ دەکەم کە خودا وشەي طونجاو ببەخشیَت هەر کە ئەو هاوبەشي لەطەلَ کردم.

دواي دوو رِۆذ ئیَمة دووبارة کۆدەبینةوة و قسەدەکەین دەربارةي ئەوي ضۆن هاوبەشیکردنەکە دەرِوات.

ئەطەر ئەو هاوبەشي نەکرد ئەوا من ئامادەم ثراکتیزەکردني زیاتر بکەم لەطەلَیدا. من ئامادة دەبم برِۆم لەطەلَیدا بۆلاي هەریەکیَك لە وثیَنج کەسەکەبتوانیَت ئامادەبیَت. من هەموو شتیَك دەکەم بۆ ئەوةي یارمەتي بدەم دەست بە هاوبەشي کردن بکات.

بەلاَم من باسي شتي نويَ ناکەم. من دەمەویَت باشترین هەلي بدەميَ بۆئەوةي وةفاداربیَت لەطەلَ ئەو شتةي ثیَشتر فیَري بووة.

ئەطەر ئەو رِةتي بکاتەوة یا بیانوو بهیَنیَتەوة ئەوا من داوا لەخودا دەکەم ئەطەر ئەمە "" خاکیَکي باشة"" کە بەرهەم هیَن بیَت بۆ شانشینەکەي ئەو یا شویَنیَکي تر هەیة کە دەبیَت من وةبەرهیَناني تیَدابکەم.

ئەطەر ئەو هاوبەشي کرد ( ئیَمة ئاهەنط دەطیَرِین!)

تەنانەت ئەطەر هیض کەس لەلیستەکەي ئەو باوةرِیان نەهیَنا ئەوا من دلَخۆش دەبم کە ئەو ( طويَ بیست بووة) و ( طويَ رِایەلَ بووة) و ( هاوبەشي کردووة). ئەوةش وةفاداري بوونة.

لەبەرئەوةي ئەو وةفاداربوو بە شتیَکي کەم ئەوا من دلَشادم هاوبەشي زیاتر بکەم.

من هاوبەشي دەکەم دەربارةي (لەئاوهەلَکیَشان) و ئامرازیَکي تري دەدةميَ کە بتوانیَت بەکاري بیَنیَت وةك ( ) یا ( ).

داواي ليَ بکە هەنديَ کەسي تر هەلَبذیَریَت لە لیستي 100 کەسةکة ئەوانەي عیسا ناناسن یا شویَني ناکەون.

دواتر من ثراكتيزةي لةطةلَ دةكةم ( تةنيا وةك ثيَشوو) بة ضيرؤكي خؤي، بةضيرؤكي خودا و بة بةختةوةركردني (بةرةكةتكردني) خودا. ئينجا ئيَمة نويَذدةكةين.

ئيَستا ئةطةر ئةو هاوبةشي كرد و يةكيَك لة ليستةكةي باوةرِي هيَنا ئةوا ئيَمة بةرِاستي ( ئاهةنط دةطيرِين!)

خيَزاني خودا طةورةتر دةبيَت!

من هةميشة ثرسياردةكةم ئةطةر ئةو هاوبةشي كردبيَت دةربارةي بةختةوةركردني (بةرةكةتكردني) مةزن و مةزنترو مةزنترين ضونكة ئةمة ئةوةية كة بةبةردةوامي طةشةدةدات بة خيَزاني خودا.

ئةطةر ئةو هاوبةشي نةكردبيَت دةربارةي بةختةوةركردنةكاني (بةرةكةتكردنةكاني) خودا ئيَمة دووبارة رِووني دةكةيتةوة -- بةختةوةركردنةكان ( ضؤن شويَن كةوتوويةكي نويَي عيسا دةتوانيَت ليستيَك دروست بكات، ئةو ضؤن دةتوانيَت هاوبةشي ضيرؤكي خؤي بكات و هاوبةشي ضيرؤكي خودا بكات و هاوبةشي بةختةوةركردنةكان (بةرةكةتكردنةكان) بكات -- هةروةها هةمووي بؤئةوةي شويَن كةوتوويةكي نويَي عيسا بتوانيَت فيَري هاوبةشيكردن بيَت.

ثاش ئةوةي ئيَمة ثراكتيزةمان كرد من دةينيَرمةوة بؤلاي ئةو باوةرِدارة نوييَة بؤئةوةي ئةو بةردةوام بيَت لةهاوبةشيكردن.

بةلاَم ئةي سةبارةت بةوانةي كة هاوبةشييان كردووة و كةسيَك لة ليستةكةيان باوةرِي هيَناو هاوبةشي بةختةوةركردنةكةي (بةرةكةتكردنةكةي) كرد؟

كاتيَك ئةوة رِوودةدات من (لةئةندازةبةدةر دلَخؤشدةبم).

ئةم كةسة ئةوةية كة خودا ناوي دةبات بة "" خاكي باش"" ( كةسيَك كة بتوانيَت طةشةبة خيَزاني خودا بدات بةو رِيَطايانةي طةورةترن لةو شتانةي كة من هةميشة بينيومة!)

هةركاتيَك من يةكيَك دةبينم وةك ئةمة زؤرجار من ثلان دادةنيَم بؤئةوةي ضاوم ثيَي بكةويَت. من وةبةرهيَناني زؤردةكةم لة طةشةكردني رِؤحي ئةودا.

من هاوبةشي وانةي نويَ دةكةم وةك (لةئاوهةلَكيَشان) و ضؤن دةستبكةم بة (كؤمةلَي سيَ لةسةر سيَ). ئيَستا ئةو دةتوانيَت دةستبكات بة طةشةدان بة خيَزانيَكي رِؤحي ( بة دةستثيَكردن لةطةلَ هةمان ئةو شويَن كةوتووة نويَيانةي عيسا ).

لةبةرئةوةي ئةو زؤر وةفادارة من خؤشحالَم بؤ هاوبةشيكردن هةتا بتوانم و ببينم خودا دواتر ضي ئةنجام دةدات. هةميشة هةنطاويَك لةثيَك كاتدا. هةميشة ضانسيَكي دةدةميَ بؤ (فيَربوون) و ( طويَ رِايةلَيكردن) و ( هاوبةشيكردن)ي ئةو شتةي دةيزانيَت.

هةروةها من نويَذ بؤ ئةم كةسة دةكةم ( هةتا بتوانم زؤرجار) كاتيَك سوثاسي خودا دةكةم ضونكة ئةو رِيَطةي بةمن داوة هاوبةشي لةطةلَدا بكةم و لةطةلَيدا فيَربم كاتيَك داوا لةخودا دةكةم [مةزنترين بةختةوةركردن (بةرةكةتكردن)] ي ثيَ ببةخشيَت.

## گفتوگۆکردن

**(١٠ خولەک)**

- ئایا ئەمە ئەو نەخشەیە کە فێرکرایت کاتێک بۆ یەکەمجار دەستت کرد بە شوێنکەوتنی مەسیح؟ ئەگەر نا، چی جیاواز بوو؟
- دوای ئەوەی باوەڕت هێنا، چەند کاتی ویست تا دەستت کرد بە قوتابیکردنی ئەوانی تر؟
- پێت وایە چی ڕوودەدات ئەگەر شوێنکەوتووە نوێیەکان دەست بکەن بە هاوبەشکردن و بەقوتابیکردنی ئەوانیتر، دەستبەجێ؟

## بخوێنەوە

**(٥ خولەک)**

**بەقوتابیکردنی مراوی ئاسا**

بةخيَربيَنةوة بؤ رِاهيَناني زومي

لةم خولةدا ئيَمة فيَردةبين ضؤن كؤمةلَيَك بةضكةمراوي كة تازة فيَري رِؤيشتن دةبن، دةتوانن يارمةيتي ئيَمة بدةن دوو لة طرنطترين بنةماكامي قوتابي دروستكردن تيَبطةين.

ئايا تؤ قةت كؤمةلَيَك بةضكةمراويت بينيوة لةدةرةوةن بؤ رِؤيشتن.

طرنط نية تؤ لةكويَيت لةجيهاندا ئةوة هةميشة وةك يةك واية.

مراوي دايك رِابةرايةتي دةكات و بةضكةكانيشي شويَني دةكةون ( يةك لةدواي يةك) هةموو لة رِيزيَكدا.

مراوية دايكةكة رِابةرايةتي دةكات. بةضكةمراوية بضوكةكانيش شويَني دةكةون.

بەلاَم ئەطەر تۆ تەنانەت نزيكتر بيتەوە ئەوا تۆ دەبينيت شتيَكي تريش ڕوودەدات.  هەر بەضكة مراويەكي بضوك لەڕاستيدا دوو ڕۆلَ دەبينيَت ( بة تەواوي لەهەمان كاتدا ).

هەر بەضكة مراويەكي بضوك (شويَنكەوتوويەكة) ضونكة ئەو شويَن مراويەدايكەكة دەكەويَت يا شويَن بەضكة مراويەكي تر دەكەويَت كة ڕيَك لەبەردەم ئەودا دەڕوات.

هەروەها بەتەواوي لەهەمان كاتدا.

هەر بەضكة مراويەكي بضوك ( ڕابەريَكة) ضونكة ئەو ڕابەرايەتي ئەو ( بەضكة مراوية) دەكات كة ڕيَك لەدواي ئەوەوة دەڕوات.

بۆية ئايا بەضكة مراويەكة( شويَنكەوتووة) يا ( ڕابەرة)؟

ئەو هەردووكيانة.

هەروەها بۆية ئەو مراويانەي "" لەدەرەوەن بۆ ڕۆيشتن"" هەموو ثەيوەنديەكيان هەية بة دروستكردني قوتابي.

خودا دەيەويَت خيَزانەكەي دوور طەشەبكات ( هەروەها ئەو ضاوەڕيَي هەموو شويَن كەوتوويەك دەكات ببيَت بة ڕابەر و هەموو باوەڕداريَك ببيَت بة هاوبەش و هەموو قوتابيەك ببيَت بة قوتابي دروست كەر) بەتەواوي لەهەمان كاتدا.

يەكيَك لەو تەلاَنەي ئيَمة دەكەوينة ناوي ( وەك قوتابي و قوتابي دروستكەر) ئەو باوەڕەضەوتەية كة ئيَمة دەبيَت هەمووشتيَك بزانين يا تەنيا شتي زۆر بزانين ثيَش ئەوەي ئيَمة هاوبەشي هەرشتيَك بكەين.

بەلاَم ئەوة ئەوەنية ضۆن قوتابيَتي كاردەكات.

قوتابيەكان وەك بەضكەمراوي وان.  بۆئەوەي ببن بة ڕابەر ئەوان ثيَويستيان بەوة نية هەموو شتيَك بزانن.  ئەوان تەنيا دەبيَت يەك هەنطاو لەثيَش بن.

خودا دەيەويَت خيَزانەكەي خۆي لة وەفاداريدا طەشەبكات ( بۆية ئەو ضاوەڕيَدەكات هەموو ڕابەريَك شويَن كەوتوو بيَت و هەموو هاوبەشيَك باوەڕداربيَت و هەموو قوتابي دروستكەريَك قوتابي بيَت هەروەها بەتەواوي لەهەمان كاتدا ).

تەلَەيەكي تر كة ئيَمة دەكەوينة ناوي ( وەك قوتابي و قوتابي دروستكەر) ئەو باوەڕة ضەوتەية كة كەسيَك لەشويَنيَك هەمووشتيَك دەزانيَت و ئەطەر ئيَمة تەنيا بيدۆزينەوة و شويَني بكەوين ئيتر ئيَمة بيرۆكەي نەطۆڕمان دەبيَت.

بەلاَم ئەوەش ئەوەنية قوتابيَتي ضۆن دروست دەبيَت.

لة شانشيني خودا تەنيا يەك "" مراوي دايك"" هەية كة هەموومان شويَني دەكەوين ئەوەش عيساي مەسيحة.

مزطيَني دەرنا.  قەشەنا.  ثرۆفيسۆري ثەيمانطاي ثەروەردەي ئايني نا. تەنيا عيسا شايستەي ثيَوەري تەواوي باوەڕي ئيَمەية.

تەواوي ئيَمة "" لة ثرۆسەداين""

هەميشة كەسيَك هەية كة نزيكترة لة عيسا كة ئيَمة دەتوانين شويَني بكەوين.  هەميشة كەسيَك دەبيَت دوور تربيَت كة ئيَمة دەتوانين ڕابەرايەتي بكەين.  طرنط نية بەلاَم دەبيَت ثيَطەمان و ضاومان و دلَمان بەتەواوي لەسەر عيسا ضەسثيو بيَت.

لة كتيَبي ثيرۆزدا (ثۆلَس) كة زۆربەي (ثەيماني نويَ)ي نوسي و دەستيكرد بة كلَيَسة يەكەمەكان، تەنيا نەينوسي  ("" شويَن من كەون""). ئەو نوسي "" شويَن من كەون هەر وەك ضۆن من شويَن مەسيح دەكەوم"".

ثۆلَس زاني بەضكەمراويەكان لەهەموو شويَنيَك ضي دەزانن و دەبيَت هەموو قوتابيەكيش ضي بزانيَت ( دەبيَت هەموو ڕابەريَك لة شانشيني خودا شويَن كەو توو بيَت) هەمووشمان شويَن عيسا دەكەوين.

هەروەها لەكتيَبي ثيرۆزدا ثۆلَس نوسي:

"" ئەوەي تۆ لەمنت بيست ....هاوبەشي ثيَبكة لەطەلَ ثياواني وەفادار ئەوانەي كة دەتوانن كەساني تر فيَربكەن.""

ثۆلَس زاني بەضكەمراويەكان لەهەموو شويَنيَك ضي دەزانن و دەبيَت هەموو قوتابيەكيش ضي بزانيَت ( دەبيَت هەموو شويَن كەوتوويەك لة شانشيني خودا ڕابەر بيَت) دەبيَت هەمووشمان ڕابەرايەتي بكەين وەك عيسا كاتيَك دياني خۆمان دادەنيَين بۆكەساني تر.

ئەطەر تۆ بتەويَت خيَزاني خودا ببينيت دوور طەشة بكات و لة وەفاداريدا طەشەبكات ئيتر بيرلة دروستكردني قوتابي بكەوة وەك بەضكەمراويەكان ( ببة بة ڕابەر و شويَن كەوتوو بەتەواوي لەهەمان كاتدا ).

## گفتوگۆکردن
**(١٠ خولەک)**

- یەکێک لە بوارەکانی بەقوتابیکردن (خوێندنەوە/تێگەیشتن لە پەرتووکی پیرۆز، نوێژکردن، هاوبەشکردنی چیرۆکی خودا و هتد) ئەو شتە چییە دەتەوێت زیاتر دەربارەی بزانیت؟ ئەو کەسە کێیە بتوانێت یارمەتیت بدات بۆ فێربوون؟
- یەکێک لە بوارەکانی قوتابی چییە هەست دەکەیت دەتوانیت لەگەڵ کەسانی تردا بەشداری بکەیت؟ ئەو کەسە کێیە دەتوانیت لەگەڵیدا بەشداری بکەیت؟

## بخوێنەوە
**(٥ خولەک)**

### چاوەکان بۆ بەدیکردنی ئەو شوێنەی پاشایەتی خودای لێ نییە

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین ضۆن قوتابیەکان بۆ شوێني دوور و بەخێرایي زیاد دەبن کاتێك ئەوان دەست بە بینیني ئەو شوێنانە دەکەن کە شانشیني خوداي لێ نیە.

وەك مرۆظ ئێمە بیر لەو شتانە دەکەینەوە و سەرنج دەخەینە سەر ئەو شتانە و کار بۆ ئەو شتانە دەکەین کە ئێمە بتوانین بیانبینین. ئێمە ناوي دەنێین ڕاستەقینە. بەو ڕێطایەي شتەکان هەن. بەلاَم شانشینەکە زیاتر بە خێرایي طەشە دەکات کاتێك ئێمە سەرنج بخەینە سەر ئەو شتانەي کە ئێمە ناتوانین بیانبینین. ئەوشتانەي کە نین. یا ئەو شتانەي هێشتا نین.

شوین هەیە لە هەموو دەورماندا کە ویستي خوداي لێ ئەنجام نادرێت لەسەر زەوي هەروەك لە ئاسمان ( بۆشایي طەورة هەیة کە تێکشکان و ضەوسانەوەي ئازارو و ئەشکەنجەو تەنانەت مردن بەشێکن لە ذیاني ئاسایي و هەموو ڕۆذێك).

هەموو قوتابیەك ( هەموو شوێن کەوتوویەکي عیسا ) ثێویستي بەوەیة بتوانێت ببینێت نەك تەنیا شانشیني خودا لەکوێیة بەڵکو لەکوێ شانشیني خوداي لێ نیة.

کاري شانشین بریتیة لە ضونة ناو ئەو بۆشاییانەو ئەو شوێنة تاریکانة و کارکردن بۆ داخستني ئەو کەلێنانة و هێناني ڕوناکي و ذیان لەماوەي کاتي خۆمان بۆئێرة بۆ سەر زەوي.

ئێمة دەتوانین ببینین لەکوێ شانشیني خودا نیة لە ماوەي دووڕذدا ( لەڕێي ئەو خەڵکەي ئێمة ثێشتر دەیانناسین هەروەها لەڕێي ئەو خەڵکەي ئێمة هێشتا ضاومان ثێیان نەکەوتووة).

یەکەم ڕێطا لەڕێي ئەو خەڵکەوەیة کە ئێمة ثێشتر دەیانناسین ( ثەیوەندي بەردەوامي هاوڕێ و خێزان و هاوکار و هاوثۆل و هاوسێ و کەساني زیاترمان).

ئەمة ئەو ڕێطایەیة کە ( ضیرۆکي خودا ) بە (خێراترین شێوة) طەشت دەکات. ئێمة ئەم کەسانەمان خۆش دەوێت و بایەخیان ثێدەدەین ضونکة ئێمة ثێشتر دەیانناسین. ئەوة سروشتیة.

عیسا باسي ضیرۆکي ثیاوێکي دەوڵەمەندي خۆثەرستي کرد ( خۆبەزل زان لە ذیاندا و ئێستا لە دۆزەخدا سزا دەدرێت). ثیاوة دەوڵەمەندەکة ثاڕایەوة "" لازارۆس بنێرة بۆ ماڵي باوکم. با ثێنج براکەم ئاطاداربکاتەوة بۆئەوەي ئەوان نەیەن بۆ ئەم شوێنة ثیسة.""

عیسا نیشاني ئێمەي دا تەنانەت ضۆن کەساني خۆثەرست و ئەشکەنجەدەر هەندێك خۆشەویستي و خەمیان هەیة بۆ ئەو کەسانەي نزیکن لێیانەوة.

ئەو خەڵکەي ئێمة دەیانناسین لەذیانماندا دانراون ضونکة خودا ئێمەي خۆش دەوێت و لەئێمەي دەوێت ئەوانمان خۆش بوێت. ئێمة ثێویستمان بەوەیة ببین بە بەڕێوەبەري باشي ئەو ثەیوەندیة کەسایەتیانة بە خۆشەویستي و خۆڕاطري و کۆڵنەدان.

قوتابیەکان زیاد دەبن کاتێك ئەوان خەمیان هەیة بۆ ئەو کەسانەي خودا لەدەوري ئەوان داناون و ئەوان ثلانیکیان هەیة بۆئەوەي شتێك بکەن دەربارەي ئەوة.

تۆ دەتوانیت بایەخي ئەوان زیاد بکەیت و ثلانێکي سادة دروست بکەیت بۆ ئەوەي لەضەند هەنطاوێکي کەمدا زیادبکەن.

لێرة ثێت دەڵێین ضۆن ( داوایان لێ بکة لیستێکي 100 کەسي بنوسن کە ئەوان ثێشتر دەیانناسن. داوایان لێ بکة ئەو لیستة بەش بکەن بۆ 3 جۆر.

- ئەو کەسانەي شوێن عیسا دەکەون.
- ئەو کەسانەي شەێن عیسا ناکەون.
- ئەو کەسانەي کە دڵنیا نین ئایا شوێني بکەون یا نا.

بۆ شوێن کەوتووەکان ( قوتابیەکان دەتوانن سازیان بکەن و هانیان بدەن زیاتر بەرهەم هێن و وەفاداربن).

بۆ شوێن نەکەوتووەکان ( قوتابیەکان دەتوانن فێربن ضۆن هاوبەشیان بکەن و بیانناسێنن بە خودایەکي زیندوو).

بۆ ئەوکەسانەي کە دڵنیانین (قوتابیەکان دەتوانن فێربن کاتي خۆیان وەبەربهێنن و شتي زیاتر فێربن).

هەروەها رِيَطايەك هەية كە ئيَمة ئەو شويَنة دةبينين كة شانشيني خوداي ليَ نية لةرِيَي ئەوكةسانةي ئيَمة ضاومان ثيَيان نةكةوتوون.

كةسانيَك هةن لة (دةرةوةي ثةيوةندية كةسايةتية نزيكةكاني ئيَمة) ( ئةو كةسانةي ئيَمة نايانناسين و ئةو هاوسيَيانةي ئيَمة لة ""سلاَو"" زياتر هيضي ترمان ثيَنةطوتوون و ثياواني كارو ذنان كة لةسةر شةقام بةلاياندا تيَدةثةرِين و كةسة نامؤكان لة هةموو طونديَك، شارؤضكةيةك يا شاريَك كة تةنانةت هيَشتا قةت سةردانمان نةكردوون)

عيسا طووتي ( لةهةموو نةتةوةكان قوتابي دروست بكةن).

عيسا طووتي ( ئيَوة بةهةموو كةسيَك دةلَيَن دةربارةي من لة ئؤرشةليم لة هةموو يةهودا لة سامرية هةروةها هةتا ئةوثةرِي زةوي.

هاوبةشيكردن لةطةلَ ئةو كةسانةي ئيَمة دةيانناسين ئةو رِيَطايةية كة ضيرؤكي خودا (بةخيَراترين شيَوة) طةشت دةكات.

هاوبةشيكردن لةطةلَ ئةو كةسانةي ئيَمة هيَشتا نايانناسين ئةو رِيَطايةية كة ضيرؤكي خودا (بؤ دوورترين شويَن) طةشت دةكات.

ئةطةر ئيَمة ئةم كةسانةمان خؤش بويَت و بايةخيان ثيَبدةين كة نايانناسين ئةوة سروشتي نية. ئةوة لةسةرو سروشتيةوةية و بةلَطةي كاركردني (طياني ثيرؤزة) لةذيانماندا.

ئةو كةسانةي لاي خودا ثةسةندن كةمترين و دوايةمين و لةكيس ضوةكانن. ئةمانة ئةو كةسانةن كة (ئةو) طوزارشت لة ( دلَي خؤي) بؤ ئةوان دةكات بؤ ضةندين بارة.

ئةطةر ئيَمة بمانةويَت وةك خودا وابين كةواتة ئةمانة ئةوكةسانةن كة دةبيَت ذياني خؤمانيان بؤ بةسةربةرين.

خودا فرمانمان ثيَ دةكات برِؤين ( خودا دذي لةخؤبايي بوةكانة بةلاَم بةختةوةري (نعمةت) دةدات بة بيَ فيزةكان.

وةك شويَن كةوتواني عيسا دةبيَت ئيَمة بةختةوةري (نيعمةت) ببةخشين وةك ضؤن خودا دةيبةخشيَت بة بيَ فيزةكان و نائوميَدةكان و لةكيس ضوةكان .

قوتابيةكان زياد دةكةن كاتيَك ئةوان خةمي ئةو كةسانةيان هةية خودا لةذيانياندا دايناون.

قوتابيةكان تةنانةت زؤرتر زياددةكةن كاتيَك خةمي ئةو كةسانةيان هةية خودا لة نزيكي ئةوان داينةناون. بةلاَم تةنانةت ئةوكاتةش ئةوان هيَشتا ثيَويستيان بةثلانيَكة.

تؤ دةتوانيت يارمةتي زيادكردني بايةخي قوتابي بدةيت بؤ كةساني تر و ثلانيَكي سادة دروست بكةيت بؤ زيادكردن لةرِيَطةي ئةوةي كاتيَك تؤ رِاهيَنانيا ثيَ دةكةيت بةطةرِيَن بةدواي ئةو كةسانةي خودا ثيَشتر ئامادةي كردوون طويَ بيست بن.

عيسا طووتي ( هةر كةئيَوة دةضنة ذووريَكةوة بلَيَن "" خودا ئةم مالَة بةختةوةربكات (بةرةكةت بكات) بة ئاشتي"" ئةطةر ئةو كةسانةي لةو مالَة دةذين ئاشتي خواز بن ئةوا نويَذةكةي تؤ بؤ ئاشتي بةختةوةريان دةكات. بةلاَم ئةطةر ئةوان ئاشتي خواز نةبن ئةوا نويَذةكةت بؤخؤت دةطةرِيَتةوة.""

ئةو كةسةي كة خودا ثيَشتر ئامادةي كردووة طويَ بيست بيَت ئةوا ئيَمة ناوي دةبةين بة (كةسي ئاشتي) ( كةسيَك كة وةلاَمدةرة بؤ ثةيامي خودا و وةفادارة بؤ (طويَ رِايةلَيكردن) و (هاوبةشيكردن) لةطةلَ كةساني تر.

لةشويَنكدا كة ئيَمة كةسانيَكي زؤركةم دةناسين لةبري ئةوةي هاوبةشي بكةين لةطةلَ هاورِيَكانمان و خيَزانةكانمان و هاوكارةكانمان و هاوثؤلةكانمان و هاوسيَكانمان ئيَمة رِاهيَنان بةكةسيَكي ئاشتي دةكةين ضؤن بطاتة كةسة نزيكةكاني خؤي.

بةلاَم باشترين ئةنجام هةميشة ديَت كاتيَك ئيَمة سةرنج دةخةينة سةر كةسة وةفادارةكان. بيَتة بيرت وةفاداري نيشاندةريَت بة ( طويَ رِايةلَيكردن)ي ئةوةي خودا ضي دةلَيَت بةئيَمة و (هاوبةشيبكةين) لةطةلَ كةساني تر.

كةساني وةفادار كة طويَ رِايةلَي دةكةن و هاوبةشي دةكةن وةك ئةو خاكة باشة وان كة عيسا باسي كرد.

عيسا طووتي ( كةميَك تؤو كةوتة سةر زةويةكي باش لةوشويَنةدا رِوةكةكان سي يا شةست يا سةد ئةوةندة بةقةدةر ئةو تؤوانةي لةشويَنةكاني تر بلاَوكرابوونةوة بةرهةميان هيَنا.

- كةساني وةفادار دلَي رِةقيان نية كة وشةي خودا رِةتبكةنةوة.
- كةساني وةفادار بضوك نابنةوة كاتيَك ئةوان دةضةوسيَنريَنةوة يا كاتيَك كاتةكان سةخت دةبن.
- كةساني وةفادار سةرنجيان نارِوات بة خةمي ئةم جيهانة يا سامان كة بةردةوام نابن.
- كةساني وةفادار وةك ئةو ثياوة وان كة شةيتان كؤنترؤلَي كردبوو لة (طيَراسينس) كاتيَك طويَرِايةلَي ئةو شتةي كرد و هاوبةشيكرد كة عيسا نيشاني دا.

يةك ثياوي وةفادار كة طويَ رِايةلَي كرد و هاوبةشي كرد، كةسانيَكي زؤر زؤري بةرهةم هيَنا كة ويستيان زياتر عيسا بناسن.

كردنةوةي ضاوةكانمان بؤ ئةوةي ئةو شويَنة ببينين كة شانشيني خوداي ليَ نية و ثيَي بطةين لةرِيَي ئةو كةسانةي ئيَمة دةيانناسين و ئةو كةسانةي هيَشتا ئيَمة نايانناسين ئةو رِيَطايةية كة ضؤن قوتابيةكان زياد دةكةن و شانشيني خودا طةشة دةكات بؤ شويَني دوور و بة خيَرايي

## گفتوگۆکردن
**(١٠ خولەک)**

- تۆ لەگەڵ کێدا ئاسوودەتریت لە هاوبەشیکردن -- کەسانێک پێشتر دەیانناسیت یان کەسانێک هێشتا نەتناسیون؟
- پێت وایە بۆچی وابێت؟
- چۆن دەتوانیت باشتربیت لە هاوبەشکردن لەگەڵ کەسانێک کەمتر ئاسوودەیت لەگەڵیان؟

## بخوێنەوە
**(٥ خولەک)**

### ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ

تولکیتی زوم ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ مەسیح فەرمووی - "من ئەو نانە زیندووەم لە ئاسمان دابەزیووە. هەرکەسێک لەو نانە بخوات بۆ هەتاهەتایە دەژیێت. ئەو نانە جەستەی منە، ئەوەی من دەیبەخشم لەپێناوی ژیانی جیهان." بەیەکەوەژیانی پیرۆز یان "ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ" ڕێگایەکە بۆ ئاهەنگگێڕان بە پەیوەندییە نزیکەکەمان و پەیوەندی بەردەوامیمان لەگەڵ مەسیح. ئەمە ڕێگایەکی ئاسانە بۆ ئاهەنگگێڕان - کاتێک کە وەکو شوێنکەوتوی مەسیح کۆدەبنەوە، کات بەسەر بەرەن بەبێدەنگی، بە ئارامی بیربکەنەوە و دان بەگوناهەکانتان دابنێن. با کەسێک ئەم پارچە نوسراوە پیرۆزە بخوێنێتەوە -- "چونکە من ئەوەی لە خاوەنشکۆم وەرگرتووە بە ئێوەی رادەگەیەنم، ئەوەبوو مەسیحی خاوەنشکۆ لەو شەوەی ناپاکی لێکرا نانی هەڵگرت؛ کاتێک سوپاسیکرد، لەتیکرد و فەرمووی، "ئەوە جەستەی منە لەپێناوی ئێوە؛ ئەمە بۆ یادکرنەوەی من بکەن." (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٣- ٢٤) نانەکە دابەش بکە بەسەر کۆمەڵەکە و بیخۆن. بەردەوامبە لە خوێندنەوە -- "بەهەمان شێوە، دوای نان خواردن جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی، 'ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من؛ ئەوە بۆ یادکردنەوەی من بکەن هەرجارێک دەیخۆنەوە مردنی من ڕادەگەیەن لەپێناو ئێوە.'" (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٥) ئەو شەربەتە یان شەرابەی ئامادەتان کردووە بۆ گرووپەکەت دابەشییکەن و بیخۆنەوە. خوێندنەوەکە تەواو بکە -- "بۆیە هەرکاتێک لەنانەکەتان خوارد و لە جامەکەتان خواردەوە، ئێوە مردنی خاوەنشکۆ ڕادەگەیەنن هەتا دێتەوە." (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٦) تۆ بەڕژداریتکرد لە ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ ئاهەنگ بگێڕن بە نوێژکردن یان گۆرانی وتن - چونکە تۆ هی ئەویت ئەویش بۆ تۆیە! ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ نهێنیەکی پیرۆزە لەکڵێسای یەکەمەوە بەشێکی سەرەکییە لە ئامرازی تولکید.



## چالاکی

**(١٠ خولەک)**

**ئاهەنگی ئێوارەخوانی خاوەنشکۆ بگێڕن**

- ١٠ خولەکی داهاتوو بەسەرببە بۆ ئاهەنگگێڕانی ئێوارەخوانی خاوەنشکۆ لەگەڵ گروپەکەت.

**ناوەڕۆک:**

**کاتێک وەک شوێنکەوتوانی مەسیح کۆدەبنەوە:**

١. کات بەسەر بەرە لە تێڕامانێکی ئارام، بە بێدەنگی گوناهەکانت لەبەرچاوبگرە و دانیان پێدابنێ.

٢. کاتێک ئامادە بوویت، با کەسێک ئەم بڕگەیە لە پەرتووکی پیرۆز بخوێنێتەوە – ئەوەی بە ئێوەم دا لە مەسیحی خاوەن شکۆم وەرگرتوو؛ ئەوە بوو مەسیحی خاوەن شکۆ لەو شەوەی تێیدا بە گرتن درا، نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، فەرمووی: 'ئەمە جەستەی منە کە لە پێناوی ئێوەیە. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.' (١ کۆرنسۆس ١١: ٢٣-٢٤)

٣. ئەو نانە دابەش بکە بۆ گروپەکەت تەرخان کردووە، و بیخۆ.

٤. بەردەوام بە لە خوێندنەوە -- بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من. هەر جارێک دەیخۆنەوە، ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.' (١ کۆرنسۆس ١١: ٢٥)

٥. ئەو شەربەت یان شەرابەی کە بۆ گروپەکەت تەرخان کردووە، هاوبەشی بکە، و بیخۆرەوە.

٦. خوێندنەوەکە تەواو بکە: جا هەر کاتێک لەم نانەتان خوارد و لەم جامەتان خواردەوە، ئەوا مردنی مەسیحی خاوەن شکۆ ڕادەگەیەنن، هەتا دێتەوە. (١ کۆرنتیۆس ١١: ٢٦)

**بە نوێژ یان گۆرانی ئاهەنگ بگێڕن. ئێوە بەشداریتان لە ئێوارەخوانی خاوەنشکۆ کردووە. تۆ هی ئەویت، ئەویش هی تۆیە!**

## پێداچوونەوە

**(١ خولەک)**

**ئەو چەمکانەی لەم دانیشتنەدا بیستراون:**

- مەزنترین بەرەکەتی دیدگەی کاستیک
- بەقوتابیکردنی مراوی ئاسا
- چاوەکان بۆ بەدیکردنی ئەو شوێنەی پاشایەتی خودای لێ نییە

**ئەو ئامرازانەی لەم دانیشتنەدا بیستراون:**

- ٣ خولەک شایەتیدان
- ئێوارە خوانی خاوەنشکۆ

ZÚME

# سێیەم دانیشتی چڕ

## پشکنین
(١ خولەک)

هەموو بەشداربووان و ئاسانکارەکان بچنە ژوورەوە.

یان zume.training/checkin و کۆد بەکاربهێنە: **3455**

## نوێژکردن
(٥ خولەک)

نوێژبکە و سوپاسی خودا بکە بۆ ئەو ڕێگایانەی لە ڕێگەی شایەتحاڵی گەلەکەیەوە کاردەکات. ڕۆحی پیرۆزی ئەو بانگهێشت بکە بۆ ئەوەی کاتەکانتان پێکەوە بەڕێوەببات.

## تێڕوانینێکی گشتی
(١ خولەک)

**لەم دانیشتنەدا ئێمە گوێمان لەم چەمکە دەبێت و باسی دەکەین:**

- کەسی ئاشتی

**ئەم ئامرازانە زیاد دەکەین بۆ ئامرازی تولکیت:**

- نوێژی پیرۆزکردن
- نوێژەڕۆ

## بخوێنەوە

(٥ خولەک)

### نوێژەڕۆ

